کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# بەرلەوادەی هاتنی خۆر ... دەڕۆین ...!!

سەروەر کەریم
sarwarkareem@gmail.com

**بەهەناسەکانی بوون و ناسنامەی عەشق ( خەزان ) پێشکەشە**

بوون ئاونگی بەیانە ،

بەهەڵهاتنی خۆر دەمرێ .

ژیان پەلکەزێڕینەیە ،

بەئاوابوونی خۆر دەمرێ .

قەدەر ئەفسانەی سیزیفە

مرۆڤـ بەرگەی حزوری ناگرێ .

شەڕ یاسای پێناسەی بوونە ،

باخەوانەکانی ژیان تورەناکات .

ئەم سەرابستانە ئەزەلیە ،

هیچ پێناسەیەکی پێ نەبەخشین ،

تابەشوێن ماناکانی دا بگەڕێین .

سەرمەدانە عاشقی ژیان بووین ،

لەوسەرەوە بەنامۆیی گەڕاینەوە .

مەستانە سروتەکانی دەریامان لەبەرکرد،

جەخار بەختکان چوین .

زاهیدانە زناری تەقوامان هەڵبژارد ،

هیچ خودایەکـ گوێ لێ نەگرتین .

ئای بوونی پڕلەکارەسات

بمانبەرەوە ژوانی عەدەن ،

تالەمانای پشکوتنی گوڵەکانی ژیان بگەین .

ئەفسوس .. ئەفسوس

خەیاڵدانی ئێمە بارگاویە بەنەبوون ،

هیچ ڕوانگەیەکـ بوونی نیشان نەداین ،

تافەرموودەکانی عەشق ئەزبەربکەین و ،

کۆچی کۆترەکان ڕابگرین .

ئای سەفەری سەرمەدیانەی نەورەسەکان ،

ئەم سەرزەمینە وێرانەیە ،

ئاسەوارەکانی خوێن و گریانە .

قامەتی ژیان گەڵاڕێزانە

ئەمێستا وادەی کۆتایی چیرۆکەکانی خەلیقەتە

وەستانی پرسیارەکانی بوونە .

ئیدی ناسنامەی ژیان ،

دۆڕانی ئەزەلی ئێمەیە ..

هەموو یاساکان دەمانبەنەوە بۆ ئەویٚ ،

بۆماڵەکانی کۆچ و وونبوون و،

دۆڕانی ناسنامەکانی ژیان .

سلێمانی

٢٠٠٧/٦/٣